## عێراق لە موزایەدەیەکی ئاشکرادا مۆڵەتی مۆبایل بەرامبەر بە(3،75)ملیارد دۆلار دەفرۆشێت.

ئاژانسەکان:

عێراق سێ مۆڵەتی مۆبایل بە(3،75) ملیار دۆلار دەفرۆشێتە کۆمپانیای ( ئەسیر و ئاسیا سێل و کۆرەک تیلکۆم) کە لە عەمانی پایتەختی ئەردەن ئەنجام درا.

(بەیان جەبر صولاغ)ی وەزیری دارایی عێراق رایگەیاند کە دابینکردنی چاکترین داهات لەم موزایەدەیە بە تایبەتی لەو بارە ئاڵۆزەی کە عێراق پیایدا دەروات باوەڕ هێنانە بە ئابووری عێراق ئەوەش ئاشکرا کراوە کەوا (18%)ی ئەم کۆمپانیانە داهاتەکان بە حکومەتی عێراق دەدەن.

جێگای ئاماژە پێکردنە کەوا هاتنە دەرەوەی کۆمپانیای (ئوراسکوم)لەم موزایەدەدا جێگای سەرسورمانە چونکە ئەم کۆمپانیایە بە یەکەمین کۆمپانیا دەژمێردرێت کە خزمەتەکانی مۆبایل لە عێراق پێشکەش کردووە بەهۆی کۆمپانیای(عراقنا)، هەروەها بەرپرسان ئەمەشیان راگەیاند کەوا موزایەدە کردنی ئەم مۆڵەتانە بەهۆی گیروگرفتی ئەمنی لە عێراقدا، لە عەممان بەرێوە چوو. ئەم جۆرە موزایەدەش لە ئەنجامی هەوڵ و تەقەلاّیەکانە بۆ دابین کردنی چاکترین داهات و خزمەتی مۆبایل لە بازاردا و بەکارهێنانی ئەم جۆرە شێوازەش ئامانجی ئەوەیە کە بەرامبەر ئەو رەخنانە بوەستن کە بەهۆی نەبوونی شەففافیەت لە وەزارەتەکانی عێراقدا هەیە. هەروەها (بەیان جەبر ئەوەشی راگەیاند کەوا ئەم کۆمپانیانە دەبێت(45%)ی پشکەکانیان دەربکەن بۆ ماوەی چوارساڵ بۆ فراوانکردنی بواری بەشداریکردن لە وەبەرهێنان. هەروەها دەبێت (18%)ی داهاتەکانیش بگەڕێتەوە بۆ خەزینەی عێراق و بە رێژەی(15%)ش باج لەسەر قازانجەکان دادەنرێت.

## (اتصالات)ی سعودیە یەک ملیارد دۆلار بۆ فراوانکردنی خزمەتگوزارییەکان تەرخان دەکات

کۆمپانیای(اتصالات)رایگەیاند کەوا یەک ملیارد دۆلار بۆ فراوانکردن و دانانی نوێترین خزمەتگوزاری جیهانی بواری گەیاندن لە تۆڕەکەیان تەرخان کردووە. سەرۆکی کۆمپانیا رایگەیاند ، ئامانج لەم فراوانکردن و پێشخستنە ئەوەیە تا خێرایی زۆر بەرز پێشکەش بە هاوبەشانیان بکەن تا سەرتاسەری مەملەکەت بگرێتەوە، هەر لەم بوارەوە ئاشکرای کرد کە پتر لە(٥٠٠٠٠٠)پێنج سەد هەزار هێڵی ژمارەیی نوێی(ADSL)لە هەموو ناوچەکان بڵاودەکەنەوە کە سەرجەمی دەگاتە (١،٥)ملیۆن هێڵی(ADSL)، هەروەها خزمەتگوزاری زۆر خێرا بەسەر ماڵان و لێکۆڵەرەوان و زانکۆ و قوتابخانەکان و شوێنە گشتیەکان و کۆمپانیا و دام و دەزگاکان دابەش دەکەن کە دەبێتە مایەی ئەوەی هاوبەش زۆر بە

ئاسانی بگاتە تۆڕەکانی زانیاری و فایلی دەنگ و ڕەنگ (Multi play) لە ڕێگای گەورەترین تۆڕ بنێرێت کە بە سیستەمی ئینتەرنێتی (IP/MPLS) کار دەکات و پێشکەوتووترین تۆڕە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا، ئەو پێشخستن و بەرفراوانکردنەش(٢٠٠٠)گوند و ڕێگای سەرەکی دەگرێتەوە کە(٦٠٠) وێستگەی نوێ بۆ ئەم مەبەستە دادەنرێت . سەرۆکی کۆمپانیای ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد کەوا کار بۆ داپۆشینی هەموو شارە سەرەکیەکان بە تۆڕی بێتەلی زۆر خێرایە سیستەمی ئینتەرنێتی(WiMax)بۆ هاووڵاتیان بەردەوامە، هەروەها کار لە سیستەمی خێرای زۆر خێرای ئینتەرنێت کە بە(BBMax)ناسراوە و تۆڕی(IP/MPLS)بەکار دەهێنێت بەردەوامە هەمان کۆمپانیا قۆناغێکی پێشکەوتووی لە جێبەجێکردنی پرۆژەی (کێبڵ بۆ ماڵەوە) لە شارە سەرەکیەکانی سعودیە بڕیوە، بە تەواوبوونی ئەم پرۆژەیە بەشداربووان دەتوانن بە خێراییەکی یەکجار زۆر کە دەگاتە پتر لە(١٠٠)مێگابت لە یەک چرکەداو ئەم ئاستەش بەرز دەبێتەوە بۆ (١٠)گێگابت لە یەک چرکەدا، سوودی لێوەربگرن.

## کۆمپانیای (فیلیبس) بەهای هێمای بازرگانی بۆ(٧،٧) ملیارد دۆلار بەرز دەبێتەوە

کۆمپانیای (فلیبس) بۆ کەل و پەلی ئەلکترۆنی ڕایگەیاند کە لە نێوان(١٠٠) کۆمپانیای خاوەن مارکەی تایبەت کە دەزگای (ئینتەربراند)ی تایبەت بە ڕاوێژی هێمای بازرگانی بۆ ساڵی(٢٠٠٧) پۆلێنی کردووە، بەهای خەمڵێندراوە بۆ هێما(مارکە)ی (فیلیبس) بە ڕێژەی(١٥٪) بەرزبۆتەوە کە بە نزیکەی(٧،٧)ملیارد دۆلار دەخەمڵێنرێت بە بەراورد لەگەڵ (٦،٧)ملیارد دۆلار بۆ پارساڵ (٢٠٠٦). شایانی باسە ئەمە ساڵی چوارەمە بەهای هێمای بازرگانی (فیلیبس) لە برەو دایە و ساڵ بۆ ساڵ زیادی کردووە کە ئێستا پایەی ژمارە(٤٢)ی لە بەرزترین هێمای بازرگانی لە جیهاندا وە دەست هێناوە. (ئەندریە ڕاجنتی) کە ئەندامی ئەنجومەنی کارگێری فیلیبسە ڕایگەیاند کە کۆمپانیاکەیان هەست بە سەربەرزی دەکات چونکە بەرزبوونەوەی بەهای هێمای بازرگانی فیلیبس بۆ ماوەی چوار ساڵ لەسەر یەکتر ئەوە دەگەیەنێت کە کۆمپانیاکەیان توانیویەتی بەرهەمی پێشکەوتوو ئاسان بەکارهێنەر و کوالیتی باش پێشکەشی هاوبەش و مەعمیلەکان و عاشقانی مارکەی بازرگانی فیلیبس بکات. لە لایەکی تر سەرۆکی دەزگای (ئینتەربراند) گوتی ئەم پێشکەوتنەی مارکەی بازرگانی فیلیبس بەخۆیەوە بینیوە گەواهی هەوڵ و تەقەلای ئەم کۆمپانیایە بۆ بەرز ڕاگرتنی هێمای خۆیان و پتەوکردنی باوەڕی مەعمیلەکانیانە، هەروەها گوتی، ئێمە دڵنیاین کە فلیبس پایەی بەرزتر وەدەست دێنێت. شایانی باسە لە ساڵی(٢٠٠٤)کۆمپانیای فیلیبس پایەی(٦٥)بوو لە نێوان (١٠٠) کۆمپانیای خاوەن مارکەی تایبەتی لە جیهاندا کە ئەمڕۆ هاتۆتە خانەی (٤٢).



## سـامسۆنگ توانای پاتری لاپتۆپی گەیاندە ٣٠ ڕۆژ.



سامسۆنگ بەیارمەتی تەکنیکێکی نوێ ماوەی بەکارهێنانی پاتری لاپتۆپی درێژکردەوە بۆ ماوەیەکی چاوەڕوان نەکراو واتە بۆ ماوەی یەک مانگ تەنیا یەکجار پێویست دەکات پاتری لاپتۆپ پڕبکرێتەوە (شەحن) بکرێتەوە.

ئەم تەکنیکە نوێیە « Fuel cell» یاخود (خانەی وزە) وزەی کارەبا دروست دەکات بە یارمەتی هایدرۆجین یان گازی سروشتی ئەمەش لە پرۆسەیەکی ئەلکترۆکیمیاویدا کاردانەوەیەکی ئۆکسجینی دەبێت.

« Fuel cell» وزەی کیمیاوی دەگۆڕێت بۆ وزەی کارەبایی لە پرۆسەیەکی کیماویدا بەبێ سووتاندنی ئاسایی.




زۆر لەمەوبەر بیستومانە کە تەکنۆلۆژیای نوێ دادێت و ڕزگارمان دەبێت لەم جۆرە پاتریانەی کەلەم سەردەمەدا بەکاریان دەبەین بۆ کۆمپیوتەرو ئامێرە ئەلکترۆنیەکانی تر.بۆیە سەمسۆنگ کۆڵی نەدا تا ئەم گۆڕانکاریە کرنگەی ئەنجام دا.

بەپێی Aving.net دەڵێت «Fuel cell» دەتوانێت لاپتۆپەکەت کارپێبکات بۆ ماوەی یەک مانگ بێ وەستان ، کەواتە دەتوانین پرکەرەوەکان (شاحینەکان) خانەنشین بکەین.

دەتوانن لێرە تەماشای ڤیدیۆیەک و ژمارەیەک وێنەی « Fuel cell» بکەن.

شایانی باسە Toshiba, Motorola, Canon وە LG لەهەوڵی پێشخستنی « Fuel cell» ن لەبواری ئامێرە ئەلکترۆنیەکانی تردا . پێ دەچێت ئەم تەکنیکە نوێیە گۆڕانکاریەکی گرنگ بکات لە داهاتوودا.

سەرچاوە: کورد ئایتی گرووپ

## ملیۆن کەس قوربانیانی کاری ساختەکارین لە ڕێگای پۆستی ئەلکترۆنی

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی سەنتەری (consumer reports) یەک ملیۆن کەس لە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە ئەمریکا دووچاری کاری ساختەکاری بوونەتەوە لە ئەنجامی ناردنی ڤایرۆس و پرۆگرامی سیخوڕی و فرت و فێڵی ئەلکترۆنی. زەرەر و زیانەکانیش بە حەوت ملیارد دۆلار دەخەمڵێنرێت.بەپێی هەمان لێکۆڵینەوە ڕێژەی (25%)ی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت دووچاری ساختەکاری دەبن و لە(8%)یان مامەلەیان لەگەڵ دەکەن. لە لێکۆڵینەوەکەدا هاتووە کە گەنجە



هەرزەکار ڕێژەی پتریان لەو ساختەکاریانە بەرکەوتووە بە تایبەتی لە تۆڕو ماڵپەڕە کۆمەلایەتیەکان. تەنها زەرەر و زیانی ڤایرۆسەکان و پرۆگرامی سیخوری بە(5)پێنج ملیارد دۆلار دەخەمڵێنرێت. شایانی باسە (1,800,000)ملیۆنێک و هەشت سەد هەزار خێزان لە دوو ساڵی رابردوودا ناچار بووینە ئامێرەکانیان چاک بکەنەوە، هەروەها(850000)هەشت سەد و پەنجا هەزاریش ئامێرەکانیان پەکی کەوتووە و گۆڕیویانە. خوێنەری بەرێز ئاگاداری ئەم ساختەکاریانە بە، تا ئامێرەکەت لە کەڵک نەکەوێت.

## ئەم ماڵپەڕانە بناسە

**خوێنەری بەڕێز**

**ئەم ماڵپەڕانەی خوارەوە وەزارەتی گەیاندنی وڵاتانی دەوروبەری کوردستان و عێراقن. بۆ ئاشنایی و سوود وەرگرتن دەخەینە بەردەستتان.**

**ئەردەن:**
**وەزارەتی گەیاندن و تەکنەلۆژیای زانیاری**
http://moict.gov.jo/MoICT




**ئێران:**
**وەزارەتی گەیاندن و تەکنەلۆژیای زانیاری**
http://www.ict.gov.ir




**کوێت:**
**وەزارەتی گەیاندن**
http://www.mockw.net




**سوریا:**
**وەزارەتی گەیاندن و تەکنەلۆژیا**
http://www.moct.gov.sy




**سعودیا:**
**وەزارەتی گەیاندن و تەکنەلۆژیای زانیاری**
/http://mcit.gov.sa/Arabic




**تورکیا:**
**وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن**
http://www.ubak.gov.tr/ubak/en/
index.php

